## نووسینگەی ڕێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی

# مەشق کردنی ڕێکخراوی ناحکومی عیراقی لەسەر گوژمەپێدان بۆ بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی

(نیویورک /تالیل، 22 ی حوزەیرانی2009 ) :نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕێکخستنی کاروباری مرۆڤایەتی (OCHA) لە عیراق هەڵسا بە مەشق پێکردنی 31 ڕێکخراوی ناحکومی عیراقی لە باشووری عیراق لەسەر چۆنیەتی جێبەجێکردنی پرۆژەکانی لەلایەن سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان (ERF) بۆ عیراق گوژمەی پێدەدرێت .ئەم مەشق کردنە لەسەر هەنگاوەکانی داواکاری بەخشین و جێبەجێکردن و بەڕێوەبردنی پرۆژە، کە سێیەمە تا ئێستا لە2009 ، لە 17 و 18 ی حوزەیران سازکرا لە تالیل، پارێزگای زی قاڕ .

لە ڕێگای ئەم مەشق کردنە، OCHA بە ئامانجە توانای کۆمەڵگای مەدەنی عیراقی پتەوکات بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان لە کۆمەڵگای خۆیان، یاسمین ڕۆکنفیلەر، جێگری سەرۆکی نووسینگەی OCHA لە عیراق، ووتی " .سندووقی فراوانی بەدەنگەوەهاتنی مرۆڤایەتی (ERF) گوژمەی خێرا دابین دەکات بۆ یارمەتی کتوپڕ بۆ پاڵپشتی کردنی خەڵکی زۆر نەدار لە عیراق .زۆر لەو پرۆژانە لە لایەن ڕێکخراوی ناحکومی عیراقی ئەنجام دەدرێت، کە هاوبەشی نێوان نەتەوە یەکگرتووەکان و عیراقیەکان بەهێز دەکات " ڕۆکنفیلەر زیادە ووتی .لەوەتی دامەزراندنی لە2007 ، ئەو پرۆژانەی سندووقەکە پشتگیری کردووە گەیشتۆتە زیاتر لە 600,000 عیراقی پێویست بە یارمەتی لە گەڵ شێوازی جۆراوجۆری یارمەتی مرۆڤایەتی .

نووسینگەی OCHA سەرجەمی 100 ڕێکخراوی ناحکومی عیراقی و نێودەوڵەتی کە لە سەرانسەری وولآتدا کاردەکەن مەشق پێکردووە . یەکەم دوو وۆرکشۆپی مەشق کردن لە بەغدا و هەولێر سازکرا لە نیسان و ئایاری ئەمساڵ .

هەروەها وۆرکشۆپەکە پێشکەش کردنی یارمەتی بەپێی ڕێسایەکانی مرۆڤایەتی بێ لایەنی سەرقات کرد .یەکێك لە بەشداربووانی وۆرکشۆپەکە ووتی" ئێمە خۆشحالی خۆمان بۆ ئەو مەشق کردنە دەردەبرین کە ئامانجی گەڕاندنەوەی ڕێزە بۆ پێوەرەکانی مرۆڤایەتی"، . هەروەها مەشق کردنەکە باسی لە هەڵسەنگاندنی پێداویستیە مرۆڤایەتیە بەپەلەکان و ڕێساکانی" ئازار مەدە"، و هەنگاوەکانی داواکاری، و چاودێری کردنی پرۆژە کرد" .نووسینی پێشنیاری پرۆژە شتێکی تازە نیە بۆ من، بەڵام ئەم مەشق کردنە دەرفەتێکی پێ بەخشیم باشتر تێبگەم کە چۆن پرۆژەکانی ERF دەبێت نەخشەی بۆ دابنرێت و جێبەجێ بکرێت"، بەشدار بووەکە ووتی، کە پێشتر پرۆژکانی ERF گوژمەی پێدەدات ئەنجام داوە .

بەشداربووێکی تری ئافرەت لە وۆرکشۆپەکە ووتی" :من بەشێوەیەکی تایبەتی مەشق کردن لەسەر چۆنیەتی بەڕێوەبەردن لەسەر بنچینەی ئەنجام دەنرخێنم، چونکە لەو باوەڕەم کە هەر یارمەتی دانێك دەبێت جەخت بکاتە سەر بە خشینکی کاریگەرانە" ، .بە هۆی گوژمە پێدانی ERFەوە، ڕێکخراوەکەی پێشتر خۆراك و کەل و پەلی ناخۆراکی دابەشکردووە بە گرووپە هەرە پێویستەکان لە کۆمەڵگایەکەی، لە نێوانیادا ئەو هەتیووانەی کە ئەگەر وانەبوایە ئەوا دووچاری مەترسی کاری منداڵان دەبوون.هە روە ها ئافرەتەکە ووتی" لە ئەزموونی خۆمدا، ERF خێراترین میکانیزمی پارەدانە بۆ بەدەنگەوەهاتنی پێداویستیە مرۆڤایەتیەکان لە عیراق"، .

وێنە نموونەییەکانی یارمەتی دانی ERF بریتین لە دابین کردنی کەل و پەلی ناخۆراکی لەو ناوچانەی ڕێژەیەکی گەورەی خەڵکی راگوێزراوی ناوخۆیی و گەڕاوەکانی لێیە، و سەبەتەی خۆراك بۆ ئەو کۆمەڵگایانەی سیستەمی دابەشکردنی گشتی سەرقاتی نەکردووە، و مەشق کردنی هۆشیاری لەسەر مین و UXO ، و نۆرینگەی تەندروستی گوێزراو بۆ ناوچە دوورەکان، و چاککردنەوەی سیستەمەکانی ئاو . نووسینگەی OCHAسندووقی ERF بەڕێوە دەبات لە جیاتی ڕێکخەری مرۆڤایەتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عیراق .مەرجەکانی داواکاری لە سندووق و پێوەرەکانی شیان بەم دواییەی بیداجونە وە ی بوکراوە تا کاریگەری پرۆژە مرۆڤایەتیەکانی گوژمە پێدەدات باشتر بکات . سندووقی ERF لە ئابی 2007 دامەزرا و بالانسی ئێستای 11 ملیۆن دۆلاری ئەمریکیە .تا ئێستا، گوژمەی داوە بە 67 پرۆژە لە سەرانسەری عیراق لە گەڵ یارمەتی مرۆڤایەتی بە بەهای 9 ملیۆن دۆلار .